# جەمال تاهیر قارەمانێکی دلێری زیندانەکان بوو

لەسەر شەهیدە نەمرەکانمان هەرچەند راستی هەیە بیڵێین هێشتا هەر کەمە چەندیان پیا هەڵبڵێین بە خۆیانو بە خەباتو چالاکیو فیداکارییەکانیان هێشتا هەر ئەیهێنێ بە پێچەوانەوە لەسەر سەرکردە زیندووەکان هەرچەندە کەمیش مەدحیان بکەین هەر زۆر ناڕاستە هەرچەندە کەمیان پیا هەڵبڵێین هەر نا بەجێوناڕەوایە. بە پێچەوانەوە سەرکردە شەهیدە نەمرەکانمان وەك شەهیدانی نەمر عەلی عەسکەری, ئارام, مامۆستا جەمال, شێخ حسێن شێخ بابە شێخ, بەدەیان شەهیدی قارەمانی تر کە لە شۆڕشدا شەهید بوون, شەهیدانی هەمیشە زیندووی وەك شەهیدان شیهاب-ی شێخ نوریو جەعفەر عەبدولواحیدو مامۆستا عەزیز کە لە زیندانەکانی میریدا لە سێدارەدراون ئەمانەو دەیان سەرکردەو کادیری سەرکردایەتیو دەیان فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو هەزاران کادیری حزبیو پێشمەرگایەتیو هەزاران پێشمەرگەو ئەندامی دلێری (ی.ن.ك) کە لە رێگەی رزگاریو دیموکراسی خەڵکی کوردستاندا گیانی پاکیان بەخشیوە شایستەی هەموو جۆرە پیاهەڵگوتنو ستایشو رێزو تەقدیرێکن. هەقە بەواندا شیعرو گۆرانی هەڵبگوترێ هەقە بەسەر ئەواندا شیعر هەڵبدەینو باسی چالاکیو خوو رەوشتو خەسڵەتە جوامێرەکانیانو فیداکارییەکانیان بۆ کۆمەڵانی خەڵك بکەین تاوەکو دەرسو پەندی پێویستیان لێ هەڵبهێنجینو تێکۆشەرانی کاروانی خەباتەکەیان چاکتر بەرچاویان رووناك ببێتەوە.

مامۆستا جەمال تاهیر, ئەندامی (م.س) یی(ی.ن.ك) یەکێکە لەو قارەمانانەی کە لە سەرەتاوە خەباتی لە پێناوی گەلەکەماندا کردووەو یەکێکە لەو دلێرانەی کەلە سەرەوە ناومان هێناون دیارە بۆ باسکردنی ژیاننامەی مامۆستا جەمال تاهیر-ی تێکۆشەرو نەمر, پێویستیمان بە نووسینی چەندین نامیلکە هەیە, بۆیە من لێرەدا بە کورتیو بەپەلە باسی هەندێ لایەنی گەشی ژیانی ئەو سەرکردە ژیرو هوشیارەی گەلەکەمانو ئەو قارەمانانەی (ی.ن.ك) دەکەم

1ـ مامۆستا جەمال تاهیر هەموو ژیانی هەر لە لاوێتییەوە بۆ خەباتو کوردایەتیو رەنجدەرانی کوردستان تەرخانکردبوو, هەموو ئاواتو ئامانجی رزگارکردنو ئازادکردنو بەختیاریی ئەوان بوو .

2ـ هەڵگرێکی ژیرو هوشیاری مەشخەڵی بیرو باوەڕی کوردایەتی پێشکەوتنخوازو دیموکراتی سوسیالیزم بوو لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا.

3ـ قارەمانێکی دلێری زیندانەکان بوو چەندینجار گیراوەو زۆریش ئەشکەنجەدراوەو تووشی زۆر سەختیو ناخۆشیبووە وتەنانەت هەڕەشەی کوشتنیشی لێکراوە کەچی سەری بۆ داگیرکەران شۆڕنەکردووەو هەموو نهێنییەکانی (ی.ن.ك)ی پاراست لە کاتێکدا خوانەخواستە ئەگەر نهێنییەکانی بدرکاندبا ئەوە (ی.ن.ك)و شۆڕشەکەمان تووشی کارەساتێك دەهات چونکە مامۆستا جەمال تاهیری نەمر لێپرسراوی هەموو رێکخستنەکانی نهێنی ناو شارەکان بوو, ئاگای لە هەموو هەڵسو کەوتی کادیرو چالاکییەکانیان بوو .

4 ـ مامۆستا جەمال تاهیر رێبەرێکی هێژاو لێهاتووی خەباتی نهێنی تێکۆشانو جۆری کارکردنیان بوو, هەمیشە هەوڵی ژیرانەیداوە بۆ ئەوەی خەباتی ناو شارو خەباتی ناو چیاو چۆڵەکانی کوردستان بە توندی پێکەوە گرێبدا .

5. سەرکردایەتی ژیرو هوشیاری (ی.ن.ك) بوو لە دەرەوە, کەهاتە دەرەوە خێرا توانی خۆی بگونجێنێ لە گەڵ هەلو مەرجو وەزعە بابەتیو تایبەتییەکانی خەباتی ناوشاخو ناو پێشمەرگایەتی توانی هەروەکو پێشتر لە ناوشاردا ژیرانە ڕێبەرێکی ئازاو جوامێری خەباتی نهێنی ناو شارەکان بوو ئاوهاش ببێتە ڕێبەرێکی ژیرو دلێری خەباتی دەرەوەو ناو پێشمەرگایەتی . بەکورتی توانیبووی خەباتی شارو لادێ پێکەوە بگونجێنێو خەباتی شارو شاخ پێکەوە گرێبدا.

6- شەهیدی نەمر هەم لەم ڕێکخستنەدا مامۆستابووەو هەم لە دیاریکردنی ڕێبازی ڕاستو دروستیشدا وەستابوو لەکاتی تەنگو چەڵەمەکاندا سەری لێ نەدەشێواو تەمومژ بەری چاوی نەدەگرت تاکتیکی ڕاستو دروشمی ڕاستو هەڵوێستی ڕاستی لێنەدەشاردرایەوە.

7. شەهیدی نەمر تێکۆشەرێکی دڵسۆزی ڕێبازی یەکێتیو شۆڕش بوو, فیداکار, خۆنەویست, ژیروکارامە بوو هەمیشە دەستکەوتی گەلو (ی.ن.ك) و شۆڕشو کوردایەتی دەخستە هەوراز هەموو شتێکی ترەوە لە پێناویان دەستی لە ژیانی ئاسوودەییو ماڵو منداڵو کەسوکاری خۆی هەڵگرتبوو هەم لە شارو هەم لە شاخ دلێرانە خەباتی خۆی درێژە پێداوە لە پێناوی کۆمەڵانی خەڵکیشداو لە پێناوی (ی.ن.ك)یشدا و لە پێناوی شۆڕشدا لە پێناوی بەدیهێنانی مەبەستە پیرۆزەکانی خۆیدا گیانی پاکی بە خاکی پیرۆزی کوردستان بەخشیوە, ئێمە (ی.ن.ك) بۆمان هەیە شانازی بە شەهیدەکانمانەوە بکەینو دەتوانین بە ڕاستو ڕەوایی بێ دوورکەوتنەوە لە گۆشەی ڕاستو ڕەوا ئەم ڕاستییە دووپاتبکەینەوە کە ئێمە ڕێکخراوی شەهیدانی نەمری کوردستانین هیچ هێزو حزبێك دەیەکی (ی.ن.ك) سەرکردەی شەهید نەبووە, فەرماندەی هێزی پێشمەرگەو کادیری سیاسیو عەسکەریو تەنزیمی ئەوەندە شەهید نەبووە, هیچ هێزێك وەکو (ی.ن.ك) ئەو ڕاستییەی بەکردەوە بە خوێنی گەشی شەهیدەکانی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە مێژووی پڕ شانازی کوردەواریدا تۆمار نەکردووە کە سەرکردەکانی لە پێش پێشمەرگەکانییەوەبوون لە شەڕەکاندا, لە خەباتدا لە فیداکاریدا هیچ کاتو ساتێك خۆیان جیا نەکردۆتەوە لە جەماوەری ڕێکخستنو جەماوەری پێشمەرگە بەڵکو بە پێچەوانەوە شان بەشانی ئەوان هەندێجار لە پێشەوەو لە ریزی پێشەوەی ئەواندا خەباتیانکردووەو فیداکارییانکردووە, هەربۆیەش ئەو ژمارە زۆرەمان لە شەهیدی سەرکردە هەیە لەناو (ی.ن.ك) دا وئەوەش یەکێکە لەو شتانەی کە مایەی سەروەریو سەربەرزی (ی.ن.ك)ە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا.

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین کە (ی.ن.ك) نە خۆیو نە سەرکردەکانیشیو نە کادیرەکانیشی لە شۆڕشو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان جیا نەبوونەتەوە, هەمیشە بە گوێرەی پێویست ولەکاتی پێویستیدا کردوونی بە قۆچی قوربانی لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان, ئامانجی ڕزگاریو مافی چارەی خۆنووسینو دیموکراسیو مافی مرۆڤ, بۆیە ئەمڕۆ ئەرکێکی گەورەو پیرۆز دەکەوێتە ئەستۆی ئەندامانی (ی.ن.ك) کە دەبێ دڵسۆزییو وەفادارییی خۆیان بۆ ئەو شەهیدە نەمرانە یان وەك لەم موناسەبەتەدا بۆ شەهیدێکی مەزنی وەکو مامۆستا جەمال تاهیر بەوە بسەلمێننو بچەسپێنن کە ڕێبازەکەیان درێژە پێبدەن و خەباتەکەیان گەشە پێبدەنو لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا لە پێناوی کۆمەڵانی خەڵکدا خەبات بکەن, ئەو دیاردە دزێوانەی کە دەبنە هۆی سووکایەتی کردن بە خەباتی (ی.ن.ك) بە خوێنی شەهیدەکانی, بە رابردووی پڕ لە شانازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەك ماوە نەدەن بەڵکو پەکی بخەنو بە هیچ جۆرێك نەهێڵن ڕووبدات.

له ناو کوردەواریدا پێویستە بە هەموو هێزو توانایانەوە بەمە دڵسۆزی خۆیان بۆ شەهیدە نەمرەکانمان دووپات بکەنەوە کەوا نەهێڵن تووشی راووڕووت بن, نەهێڵن دزیو جەردەیی لەناو شارو شوێنەکانی کوردستاندا بڵاوببێەوە, نەهێڵن نۆکەرایەتیو جاسووسیو کلك گرێدان لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان لەم دیوو لەو دیوی وڵات ببێت بە شتێکی راستو رەوا لەناو کوردستاندا, نەهێڵن بیروباوەڕەکانو سەرەتاکانی نیشتمانپەروەریو کوردایەتی راستەقینەو دیموکراسیو مافی مرۆڤ پێشێل بکرێن, بەهەموو جۆرێك خەبات بکەن بۆ ئەوەی لە کوردستانی خۆماندا دیموکراسیو برایەتیو ئاشتی جێگیربێتو شوێنەوارو هەلو مەرجەکانی بابەتی تایبەتی شەڕی خۆکوژە بسڕێتەوەو ماوە نەدرێ جارێکی تر دووپات بێتەوە .

بەمجۆرە دەتوانین دڵسۆزی خۆمان بۆ هەموو شەهیدە نەمرەکانمان دووپات بکەینەوەو هەوڵبدەین جارێکیکە ئەو خەباتو فیداکارییەی ئەوان کردوویانە بیکەینە سەرچاوەی دەرسو پەندی پێویست بۆ خۆمانو بە سەربەرزییەوە لە بەرامبەر گیانی پاکی شەهیدەکانمان بوەستینو سەد سڵاو لە گیانی ئێوەی نەمرو هەمیشە زیندوو, با ئێوە گیانی پاکتان لەبەهەشتی نەمریدا دڵنیابێ کە رێبازەکەتان پڕەو گرمەی دێ لە تێکۆشەرانی دڵسۆزو وشیارو بە وەفای بیروباوەڕەکەتانو یەکێتییەکەتان, کاروانی رزگاری دیموکراسیو مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی کوردستان رۆژبەرۆژ بەرەو پێشەوە دەچێ, واقیعێ کە بەرەو لوتکەی سەرکەوتن سەردەکەوێ ئەوسا کوردستانێکی بەختیارو دیموکراتو ئازاد بۆ کوردەوارییەکی دیموکراتو سەروەرو شاد دێتەدی.

ئێوەش ئەی خوشكو برایانی خۆشەویست هەمیشە هەر شادو سەرکەوتووبنو هەمیشە هەر دڵسۆزو رۆڵەی بەوەفای شەهیدە نەمرەکانتانبنو یادیان هەمیشە هاندەربێ بۆ ئەوەی درێژەبدەن بە خەباتی پیرۆز لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو ئاواتو ئامانجانەی کە ئەوان گیانی پاکیان لە پێناویدا بەختکرد.

**مام جەلال**